**بەیانی ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١٨**

**هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠٠٩**

**تایبەت بەرێکخستنی پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەک**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ وئاماژە بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٧٠٧٨ لە ٢٠١٨/١١/٢٢)و ڕێنماییمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٥ کە لە ژمارە (١٨٣)ی ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٢٤ لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە وئاماژە بە یاسای چەك لە هەرێمی کوردستان ژمارە ١٦ای ساڵی١٩٩٣ و بەیانمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨ و گشتاندنمان ژمارە(١٩٤٩ لە ٢٠١٨/٢/٦) و بڕیارماندا :-

بە هەموار کردنی دووەمی ڕێنماییمان ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٥ بەم شێوەیەی خوارەوە :

**یەکەم:** هەموار کردنی ماددەی هەشتەم لە ڕێنمایی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

١- بڕی(١٠٠٠٠٠) سەد هەزار دینار وەردەگیرێت لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك بۆ یەکەم جار.

٢- بڕی(٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار وەردەگیرێت بە مەبەستی نوێ کردنەوەی مۆڵەتی هەڵگرتن و هەبوونی چەك.

٣- لە کاتی بەسەر چوونی ڕێکەوتی کارپێکردنی ناسنامەی هەڵگرتنی چەك دەبێت لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ داواکاری نوێ کردنەوە پێشکەش بکات و ئەگەر لەم ماوەیە داواکاری پێشکەش نەکرد ئەوا ڕاستەوخۆ بۆ هەر(١) ڕۆژ دواکەوتن بڕی(٣٠٠٠) هەزار دینار لە خاوەنی مۆڵەتەکە وەردەگیرێت وەکو سزای دواکەوتن تاوەکو (٦٠) ڕۆژ و ئەگەر لە دوای ئەو ماوەیەش داواکاری نوێ کردنەوەی پێشکەش نەکرد ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە.

٤- لە کاتی دەرهێنانی یان نوێ کردنەوەی مۆڵەتی هەڵگرتنی چەك خاوەنی مۆڵەتەکە ئاگادار دەکرێتەوە و لە بوونی ئەم سزایەی کە لە بڕگەی(٣) هاتووە.

**ماددەی دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**